# مەلای جزیری، شارێگەی سۆفیگەری و کلاسیزم لە ئەدەبی کوردیدا

ئەمجەد شاکەلی

ئەگەر بمانەوێت لێکۆڵینەوەیەکی پوختە و پاکژ، لە سەر شاعیری هێژا و پایەبەرزی کورد، مەلای جزیری بنووسین، دەبێ پێش هەموو شتێک، ئاورێک لەو سەردەم و چەرخ و ڕۆژگارە بدەینەوە، کە جزیری تێدا ژیاوە. بۆ ئەو مەبەستەش، سەرنجێک لە میرنشینی بۆتان پێویست دەبێت. میرنشینی بۆتان، کە بازێڕی جزیرە پێتەختی بووە، یەکێک بووە لەو میرنشینانەی کورد، کە سەردەمێکی زۆر فەرمانڕەوایی و دەسەڵاتی میرەکانی، گەلێک ناوچەی کوردستانی گرتووەتەوە. "سولەیمان کوڕی خالید"، یەکەم فەرمانڕەوای ئەم میرنشینە بووە[1]. بۆتانیش وەک هەموو ناوچەیەکی دیکەی کوردستان، هەموو دەمێک، بەر هێرشی دوژمنان کەوتووە. دەمێک مۆگۆل و دەمێک تاتار و گاڤێکیش ئیلخانی و جەلایری و مەڕی سپی و مەڕی ڕەش، کە هەموویان هەوڵی کاولکردن و داگیرکردنیان داوە[2]. ئیتر ئەو میرانەی بۆتان، لە هەموو سەردەمێکدا، بەرەنگاری ئەو هێرشانەیان کردووە و میرنشینی بۆتان تا سەردەمی "بەدرخان پاشا"، کە ساڵی 1227ی مشەختی/1812ی زایینی بووە بە فەرمانڕەوای جزیرە، ماوە و لەو سەردەمەشدا، دەسەڵاتیان بە سەر "وان و مووسڵ و ڕەواندز و سابلاخ"دا هەبووە و قەڵاکانی "شەنگار و وێرانشار و سیوەرەک"یشیان گرتووە و قەڵای دیاربەکر و شارەکانی "شنۆ و ورمێ"یش دەبندەستی واندا بوون، بەڵام ئەو دامودەسگا و سەڵتەنەتەیش، خوا بە کوردی ڕەوا نەبینی و فەرماندەی هێزەکانی بەدرخان پاشا، "میر عیززەدین شێر"، لە جەنگەکانیدا دژ بە تورکەکان ، خیانەتی کرد و خۆی دا بە دەست دوژمنەوە و بە خۆی و تورکەوە، بەدرخان پاشایان ناچار کرد، بۆتان بەجێ بهێڵێت و دەنێو قەڵای "ئاروخ"دا خۆی حەشار بدات، تا جبەخانە و بژێوێیان لێبڕا و لەگەڵ دوو کوڕیدا، بە دیل گیران و تێکشکان. ئەمەش لە ساڵی 1263ی کۆچی/1848ی زایینیدا بوو[3]. ئیتر ئەو میرنشینەیش لەبارچوو.

## جزیرە، وەک نێوەندێکی فەرهەنگی و ڕۆڵی لە پەیدابوونی زمانی ئەدەبی و شیعری کلاسیکی کوردیدا:

جزیرە، یەکێکە لە بازێڕە بەنێوبانگەکانی کورد، کە گەلێک بەیت و هۆزان و گوتنی پێدا گوتراوە و هەڵدراوە و داستان و چیرۆک و بەسەرهاتی زۆریشی لێ دەگێڕنەوە و باسی کۆشک و تەلار و شانشین و باڵەخانە و شوێنەواری

[1] بەدلیسی، شەرەفخانی، شەرەفنامە، وەرگێرانی هەژار، تاران 1981، چاپی دووەم، ل 227.
[2] ئامێدی، سادق بەهائوددین، هۆزانڤانێت کورد، چاپی یەکەم، بەغدا 1980، ل84-85.
[3] زكي، محمد أمين، خلاصة تأريخ الكرد وكردستان، الجزء الأول، ترجمة محمد علي عوني، الطبعةالثانية، بغداد 1961، ص236-238.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەکرێت، کە لە فەرهەنگیی ئەدەبی کوردانداا، پایە و جێگەیەکی دیار و بەرزی هەبووە[4]. جێگە و ڕێگەی جزیرە و باری جوگرافی، یارمەتییەکی زۆری داوە، بۆ ئەوەی ببێتە پرد و پەیوەستێک، لە نێوان باکوور و باشوور و ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. جووڵانەوەیەکی بازرگانی، لە نێوان ناوچەکانی بۆتان و جزیرەی پێتەختدا و لە نێوان جزیرە و دیاربەکر و هەکاری و ئامێدی و مووسڵدا، هەبووە و کڕین فرۆتنی ئاوریشم و خوری و مەڕ و ماڵات و کووتاڵ و بەرهەمی کشتوکاڵی و پیشەسازیی بچووک هەبووە[5]. هەرچەندە ئەو بازرگانییەش، لە چوارچێوەیەکی تەسکدا خۆی نواندووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ڕۆڵی خۆی هەبووە و کاروانان بەوێدا تێپەڕیوون و جموجووڵێکی ئابووری دروست بووە و خەڵک کاری بەوێ کەوتووە و ڕووی تێکردووە. ئەو بار و دۆخ و ڕۆڵە جوگراف و ئابوورییەش، کارێکی وایان کردووە، کە جزیرە ئەوەی بۆ برەخسێت، ببێتە مەڵبەندێکی فەرهەنگی و ڕەوشەنبیری لە کوردستاندا. ئەم ڕاستییەش لە ژمارەی مزگەوت و خوێندنگە و جێی بلاوکردنەوەی خوێندەوارییدا، وەدەر دەکەوێت. لە چەرخی پازدە و شازدەی زایینیدا، ژمارەیەکی زۆر مزگەوت و خوێندنگە، لە دەڤەرا بۆتان هەبوونە و شاری جزیرە، بە تەنێ خۆی، گەلێکی تێدا بوونە. لەو خوێندنگانەیش ساڵانە ژمارەیەکی زۆر خوێندکار و زانا، خوێندنی خۆیان تەواو کردووە و بەڵگەنامەیشیان وەرگرتووە و بوون بە، بەرپرس و کارامە، لە بلاوکردنەوەی ئایین و هەموو جۆرە زانست و زانیارییەک لە کوردستاندا. میرانی بۆتان، ئارەزوویان لە بلاوکردنەوەی ڕەوشەنبیری و نەهێشتنی نەزانین بووە و هەوڵیشیان بۆ داوە، هەر بۆیەش خوێندنگە و مزگەوتیان دروست کردووە و زانا و ڕەوشەنبیر و ئوستادێکی فرەیشیان بۆ شاگردانی کورد، پەیدا کردووە. لە گشت لایەکی کوردستانیشەوە، خەڵک بۆ خوێندن، ڕوویان لەو مەڵبەندە کردووە. بەڵگەش بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە ئەوەیە، کە گەلێک زانا و هۆزانڤان و ڕەوشەنبیری کورد، لە سەدەکانی پازدە و شازدەوە، تا نیوەی سەدەی نۆزدەیش، خوێندنیان لە جزیرە تەواو کردووە[6]. بۆ نموونە مەولایان: "موحەممەد بەرقەلعی"، "ئەبوبەکر"، "حەسەن سوورچی"، "سەیید عەلی"، "زەینەددین بەبی" و گەلێک زانای مەزنی تر، کە هەمووان لە سەردەمی "بەدربەگ کوڕی شاعەلی بەگ"دا، لە جزیرە حەواونەتەوە و خوێندنیان تەواو کردووە[7]. یەکێک لەو میرانەی بۆتان، کە دۆستی مەلا و فەقێ و زانا و خوێندەواران بووە و زۆری خۆشویستوون "میر شەرەفی کوڕی خان ئەبداڵ" بووە، کە کەمتەرخەمی نەکردووە و مەردانە خوێندنگە و مزگەوتێکی زۆری لە شاری جزیرەدا ساز داوە و ماڵ و سامانێکی زۆریشی بۆ تەرخان کردوون[8]. "مزگەوتی سۆر"، "میرشەرەف" بنیاتی ناوە و چەندین گوند و عەرد و داهاتی، بۆ بەڕێوەبردنی تەرخان کردووە. "مەلای زڤنگی"، نووسەری کتێبی "العقد الجوهري في شرح ديوان الشيخ الجزيري"، لە دەرفەتێکدا و لە کاتی خۆیدا، هەندێ دەفتەر و تۆمار و نووسراوی ڕەسمیی بەرچاو کەوتووە، کە باسی خوێندنگە و مزگەوتەکانی ئەو سەردەمەی جزیرەی تێدا بوون و "زڤنگی"، سەری سووڕماوە، لە پوختەیی و ڕێکوپێکی و بە تفاقی، ئەو خوێندنگانە و ژوورەکانی مامۆستا و شاگردان، کە هەموو وێکڕا خوێندن و خواردن و حەوانەوەیشیان هەر لەوێ بووە و بە خۆڕایی ژیاون و میری چاوتێر و هێژا، ئەرکی بەخێوکردنی ئەوانی وەئەستۆی خۆی خستووە. شاگردەکان، کە کار و پیشەیان تەنێ خوێندن بووە و

---

[4] ئامێدی..، هۆزانڤانێت..،ل29.

[5] سەرچاوەی پێشوو، ل83-99.

[6] سەرچاوەی پێشوو، ل30-31.

[7] بدلیسی..، شەرەفنامە..، ل292.

[8] هەژار، دیوانی مەلای جزیری، تاران 1361، پێشەکی، ل22.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ماموستاکانیش وانەگوتنەوە و هەموانیش بە باشی و ڕەزامەندی ژیاون. بەمەدا دەردەکەوێت، کە میرەکانی جزیرە، هەوڵێکی زۆریان داوە، بۆ بڵاوکردنەوەی خوێندن و زانست و دارایی و دراوێکی زۆریشیان، بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کردووە.[9] بە پێی ئەو بارودۆخەی جزیرە و بۆتانی تێدا بووە لەو سەردەمەدا، گومان لەوەدا نامێنێت، کە زەمینەیەکی ئەوتۆ دروست بووە و بارێکی وا هاتووەتە کایەوە، کە ببێتە بنکە و نێوەندێکی فەرهەنگی و لە ناوچە و قوژبنە جیاوازەکانی کوردستانەوە، خەڵک بۆ خوێندن بیگاتێ. زمانیش ئەگەر شوێن و ڕەوش و کاتێکی وای بۆ بڕەخسێت، پێش دەکەوێت و گەشە دەکات. لەوێش سەرەتای زمانێکی ئەدەبیی کوردی بە زاری کرمانجی ژووروو، سەری هەڵدا و شیعری کلاسیکی کوردییش، هەر بەو زارە گەڵاڵەی کرد و لە مەلای جزیری مەزندا، کە ڕێبەر و پێشەنگ بوو لەوەدا خۆی نواند.

## ژیانی مەلای جزیری:

لەبەر ئەوەی نووسینەوەی مێژوو لای کورد، کارێکی زۆر کۆن نییە، ئەویش بە هۆی ئەو بار و ڕەوشەی، کە هەمووده‌م کوردستان و کوردی تێدا ژیاوە، داگیر و دابەشکراو و بێدەوڵەت و بندەست، وەک زۆربەی زۆری ڕووداوە مێژووییەکانی کورد و زۆربەی ناوداران و مەزنانی کورد، ژیننامەی "مەلای جزیری"ش، زۆر ڕوون و ئاشکرا نییە، بە تایبەت ساڵی لەدایکبوون و کۆچکردنی، بگرە و بەردەیەکی زۆری لە سەرە و بیروڕای جۆراوجۆر و جیاواز، لەو بارەیەوە هەن و نووسەران، لە سەری ڕێکنەکەوتوون، بەڵام بە گشتی، لە سەر ئەوە پێکهاتوون، کە ناوی "شێخ ئەحمەد" بووە و لە جزیرا بۆتان، کە باژێرێکە لە باکووری کوردستان، لەدایک بووە و نازناوی لە شیعردا "مەلا" و جارجاریش "نیشانی" بووە. مەلا بە واتای: زانا لە زانستی ئایینی و عەرەبیدا، بۆ نیشانییەکەیشی دەڵێن: نیشان یا ئامانجی تیرە، کە مەلا نیازی وا بووە: بە تیری ئەڤین پێکراوە، یا مەبەستی خاڵی سەر گۆنای یار بووە، کە کرمانجان بە خاڵ دەڵێن: نیشان[10]، واتە: خۆی بەو خاڵەوە ناو ناوە، کە لە ڕوومەتی "سەلما"وە دیاری داوە. لەو نووسەرانەی، کورد و بیانی، کە هەوڵیان داوە، لە بارەی ژیانی "مەلای جزیری"یەوە بکۆڵنەوە: دوکتۆر "بلەج شێرکۆ"، کە ساڵی 1160ی زایینی، بە ساڵی کۆچکردنی "جزیری" دادەنێت[11]. بێگومان ئەگەر "جزیری" حەفتا ساڵێکیش ژیابێت، وەک زۆر نووسەر دەڵێن، دەبێ دەوروبەری 1090ی زایینی لەدایک بووبێت، بەڵام "موحەممەد ئەمین زەکی"، وای دادەنێت، کە مەلا، لە نیوەی دووەمی سەدەی شەشەمی کۆچیدا ژیاوە و لە سەردەمی "عیمادەددین زەنگی"دا، کە لەو سەردەمەدا فەرمانڕەوای مووسڵ بووە[12]. "عەلائوددین سەجادی"، زیاتر لە هەموان، هەوڵی ئەوەی داوە، لەمەڕ ژیانی مەلا، شتێک وەدەست بهێنێت و ژیانی "جزیری" خستووەتە نێوان ساڵانی 1407-1481ی زایینییەوە، بێجگە لەوەش وەسفێکی ئەوتۆی مەلای کردووە، لە باڵا و سەر و سمێڵەوە، تا دەگاتە چاو و برۆ و دەست و پەنجە و ڕەنگ و دیمەن و جل و بەرگ، هەر دەڵێی بۆ خۆی دیویەتی و لەگەڵیدا ژیاوە[13]. ئەو بیروڕایانەی سەجادی زۆر جێگیر نەبوونە و زۆر نووسەر گومانی لێ دەکەن. "سادیق بەهائوددین

---

[9] **الزڤنگی،** ا‘حمد بن محمد البوتي، العقدالجوهري في شرح ديوان الشيخ الجزري، الجز‘الا‘ول، القامشلي 1958، المقدمة، ص:ل.

[10] **سەرچاوەی پێشوو،** ص: و.

[11] **هەژار..،دیوانی..، پێشەکی، ل**13

[12] **سەرچاوەی پێشوو،ل**14.

[13] زکي..، خلاصة..، ص336.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئامێدی"، لە بنەڕەتەوە ڕا و بۆچوونەکانی "سەجادی" هەڵدەوەشێنێتەوە و لەو باوەڕەدایە، جزیری لە نیوەی سەدەی پازدەی زاییندا ژیاوە و لە دوای ساڵی 1481ی زایینیش هەبووە[14]. هەربۆیەش، بۆ چەسپاندنی قسەکانی خۆی و پووچکردنەوەی ڕایەکانی سەجادی، ئاماژە بە "د. ن. مەکتری" دەکات و دەڵێت:"مامۆستا سەجادی د روهنکرنا چەرخێ جزیری تێدا ژی سەرکەڤتی نینە"[15]. لێرەدا مرۆڤ هەندێ بیروڕا و بۆچوونی "مەکتری" وەبیر دێتەوە، کە گەلێک جار هەوڵی ئەوەی داوە، کورد بە خەڵکێکی، یا گەلێکی نوێ دابنێت و مێژووی کوردیش، بە تەماوی و تاریک و کەمبەڵگە. بۆ نموونەش، ڕایەکانی لە مەڕ ئەسڵ و ڕەگەزی کورد و پێوەندی کورد بە مادەوە و کاریگەریی زمانی فارسی، لە سەر زمانی کوردی، کە "تەوفیق وەهبی" لە نووسینێکیدا بە نێوی "بنەچەی کورد و زمانیان"، بەرپەرچی قسەکانی مەکتری دەداتەوە[16]. بێجگە لەوەش "مەکتری" لە نووسینەکەیدا، بە نێوی "مەلای جزیری و فەقێ تەیران"، بەم جۆرە دەست پێ دەکات:"لەمەڕ شاعیرانی کۆنی کورد شتێکی کەم زانراوە. دەستنووسی کارەکانیان کەمن و بە زۆرییش دەنێو نامەخانەی تایبەتی خەڵکدا هەڵگیراون و شاردراونەتەوە، تەنانەت ئەم زانیارییە کەمەش لە بارەی ژینیانەوە، کە لە لایەن نووسەرانی جیاوازەوە نووسراون، گەلێ جار دەگەڵ یەک ناگونجێن و دژ بەیەکن. لەبەر ئەوە ئەو کەمەڕاستییەی، کە دەکرێ بچنرێتەوە، هێندەی تر هێژا و بە نرخ دەبێ..."[17]. هەرچەندە ئەم ڕایەی "مەکتری"، ئەگەر نیازی ئەوەش بووبێت، کەمبایەخیی ئەو زانیارییانەی، لە بارەی شاعیرانی کەونی کوردەوە هەن، پێشان بدات و نەگونجان و ناکۆکی ڕا و بۆچوونی نووسەرانی جیاواز و دژبەیەک دەرخات، لە هەمان کاتدا هەڵگرتن و شاردنەوەی دەستنووسی کاری شاعیرانی کەونی کورد، لە نێو نامەخانەی تایبەتی خەڵکدا، ئەوەی کە لە سەرەتای ئەم نووسینەدا هاتووە، دەسەلمێنێت. "مەکتری" دوای ئەوەی لە ڕایەکانی "مەلا مەحموودی بایەزیدی" دەکۆڵێتەوە، لە بارەی "سەجادی"یەوە دەبێژێت: "سەجادی لەمەڕ ژیانی مەلای جزیرییەوە، لە زەمینە و ڕوانگەیەکی زۆر ڕوونەوە دەست پێ ناکات". "مەکتری" بەردەوام دەبێت تا دێتە سەر ئەو ڕایەی، کە "موفتی"، بێگومان مەبەست "مەلا ئەحمەدی زڤنگی"یە، لە بۆچوونەکانیدا لەمەڕ "جزیری" و ژیانی وی، زیاتر لە ڕاستییەوە نێزیکە و دەگاتە ئەو باوەڕەی، کە مەلا لە 980-1050ی مشەختی، کە دەکاتە 1570-1640ی زایینی، ژیاوە و لە سەردەمێکدا، کە "فەقێ تەیران"یش ژیاوە[18]. "مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلا موحەممەدی بۆتی زڤنگی"، پێیوایە، کە "جزیری"، لە کۆتایی سەدەی دەیەمی کۆچیدا ژیاوە و لە 950ی کۆچی بەدواوە و هاوچەرخی "میر شەرەفخانی کوڕی میرئەبداڵ" بووە، کە لە میرەکانی "ئازیزان" بووە و ماوەیەکی زۆریش فەرمانڕەوایی دەڤەری جزیرەی کردووە[19]. هەروەها، ئەو بۆچوونەی خۆی دووپات دەکاتەوە و دەڵێت:"بە تەواوی و ئاشکرا دەتوانم بڵێم، کە مەلای جزیری لە کۆتایی سەدەی نۆهەمی کۆچیدا لەدایکبووە و تاوەکو دوای هەزاریش ماوە و لەوانەشە گەیشتبێتە پەنجای دوای هەزار و پتر.."[20]. "قەناتێ کوردۆ"، ڕای وایە، کە "مەلای جزیری" لە سەدەی

---

[14] سەجادی، عەلائوددین، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، بەغدا 1952، ل162-163.

[15] ئامێدی..، هۆزانڤانێت..،ل81.

[16] سەرچاوەی پێشوو.

[17] وهبي، توفيق، اْصل الاْكراد ولغتهم، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی دووەم، بەشی یەکەم، بەغدا 1974، ڵ 1-24

[18] Mackenzie, D.N Mala-e Jiziri and Faqi Tqyran, Yad Name-ye Irani-ye Minorsky, Publication of Tehran University, Tehran 1969, N:1241, P:125

[19] سەرچاوەی پێشوو، ل125-129.

[20] الزڤنگی..، العقد..، الجزْالاْول، المقدمة، ص:ل.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دوازدەیەمدا ژیاوە و مەبەستی سەدەی دوازدەیەمی زایینە و ڕایەکەیشی دەگەڕێتەوە، بۆ "وەزیری نادری" ناوێک، کە گوایە لە نووسینێکیدا لە سەر "جزیری" باسی ئەوەی کردووە[21]. "هەژاری موکریانی"، پێیوایە، تەواوی ئەوانەی لە "مەلای جزیری" دوواون، ئەگەر لە شیعرەکانی مەلا بگەیشتبان، لەمەڕ ژیننامەی، تووشی ئەو هەرا و گوڵمەز و فەرتەنەیە نەدەبون. ئەو لەو باوەڕەدایە، کە "جزیری" لە سەدەی یازدەی کۆچیدا ژیاوە[22]. هەر یەکە لەو نووسەرانەی، لە بارەی "مەلای جزیری"یەوە نووسیویانە، کۆمەڵێک بەڵگەی، بۆ بیروڕاکانی خۆی، هێناوەوەتەوە و ڕاستیی خۆی سەلماندووە. بێگومان هەموو نووسەرێکیش بۆی هەیە چی بە ڕاست دەزانێت، ئەوە بێژێت، بەڵام دەتوانم بڵێم، خوێندەواری کورد و خەڵکی بیانیش، تا ئێستا و سەدلەسەد نازانن، "مەلای جزیری"، لە کەییەوە تا کەی ژیاوە. ئەمەش ڕەنگە لێکۆڵینەوەی زیاتر و زانستانە بیگاتێ، نەک تەنێ بۆ "جزیری"، بەڵکە بۆ هەموو مێژووی کورد. ئەز لەو باوەڕەدام، پەسنە بەناوبانگەکەی "جزیری" بۆ میری جزیرە، کە "میرشەرەف کوڕی ئەبداڵ خان" بووە، نەک "عیمادەددین زەنگی"، کە پایەبەرزیی و لێهاتوویی و جوامێریی و دەسەڵاتی ئەو میرە، نیشان دەدات و خۆشگوزەرانی جزیرە لە سەردەمی ئەودا، دەگەیەنێت، باشترین بەڵگەیە بۆ ئەوەی، کە "جزیری"، لە سەردەمی ئەو میرەدا ژیاوە و ئەو "میرشەرەف"ەیش، بە پێی "شەرەفخانی بدلیسی"، کە لە شەرەفنامەکەیدا باسی تا ساڵی 1005ی کۆچی/1596ی زایینی دەکات، هێشتا هەر زیندوو بووە، چونکە ناوی خستووەتە نێو شەرەفنامەکەیەوە و باسی لێوە کردووە[23]. ئەو گۆڕینەوەی شیعرەیش، لە نێوان "جزیری" و "فەقێ تەیران"دا ڕوویداوە، کە "فەقێ" شیعری بۆ "جزیری" ناردووە، لە ساڵی 1031ی کۆچیدا[24] و "جزیری"ش وەرامی داوەتەوە، بەڵگەیەکی دیکە دەداتە دەستەوە، کە "جزیری" و "فەقێ تەیران"، لە سەردەمێکدا ژیاون. ئەگەر "فەقێ تەیران"، وەک "مەکتەری" باوەڕ دەکات، لە ساڵی 1000-1070ی کۆچی/1590-1660ی زایینیدا ژیابێت[25] ئەوا "جزیری"ش، هەر لەو سەردەمەدا ژیاوە، کە دیسانەوە دەکاتە سەردەمی "میرشەرەفی خان ئەبداڵ"، کە ئەویش لە سەدەی یازدەی کۆچیدا بووە، بۆیەش "جزیری" پەسنی داوە، چونکە لەو کاتەدا ژیاوە، واتە: سەدەی یازدەی کۆچی، کە ڕەنگە لەگەڵ "خانی"شدا زۆریان بەین نەبووبێت.

---

[21] Kurdo, Prof. Qenate, , Tarixa Edebyeta Kurdi 1, Stockholm1983, L: 90.
قەناتێ کوردۆ، ڕا و بۆچوونەکانی خۆی لە نووسێنێکی وەزیری نادرییەوە وەرگرتووە کە بە نێوی "Melumetiyed teze derheqa Sayire kurd ye sedsaliya navin Meleye Cizirda" یە ، کە لە سۆڤییێت لە ساڵانی 1945-1947 دا، تاکە کەسێک بووە، کە مژوولی گەڕان بووە بە دوای دیوانی مەلای جزیریدا و ساڵی 1947 مردووە و نووسینەکانی ماونەتەوە و دوای خۆی "Nora Palatova"ی ژنی نادری، ئەو نووسینەی داوە بە قەناتێ کوردۆ، بۆ ئەوەی چاپی بکات. کوردۆ شاندوویەتی بۆ "کۆما کوردناسێد ئەریڤانێ" بۆ چاپکردن، بەڵام چاپ نەکراوە. کوردۆ جارێکی دیکە بۆ "عەلی عەبدوڕڕەحمان"ی کلکردووە بۆ ئەوەی لە ڕۆژنامەی"ڕیاتەزە"دا بڵاوی بکاتەوە یا چاپی بکات، لێ ئەویش نەیکردووە. گوتارەکە لە ئەسڵدا بە ڕووسی نووسراوە و وەرنەگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی. ڕەشنووسی ئەو نووسراوە لە کن قەناتێ کوردۆیە. تا ئێرە کوردۆ بۆ خۆی دەیگێڕێتەوە. سەیر لەوەدایە، کە لە ساڵی 1946ەوە تا ئێستا ئەو نووسراوە نەکراوەتە کوردی و هەر بە ڕووسی ماوەتەوە و بە سەر ئەو هەموو کۆمەڵە و ڕۆژنامە و زەلامە زلانەشدا تێپەڕیوە و هێندە ئەم دەست و ئەو دەستی کردووە، کە ڕەنگە ئێستا کاغەزەکەی پوتورکابێت، کەچی تا ئێستاش بە ڕەشنووسی ماوەتەوە و تەنێ مامۆستا کوردۆ دەتوانێت سوودی لێوەرگرێت، چونکە لای خۆیەتی. ئەوجا دەبێ کەنگی بکرێتە کوردی و کەی لە چاپ بدرێت؟؟ ڕەنگە چل ساڵێکی تریش چاوەڕوان بین، کورد گوتەنی: شیردا لۆ داپیردا.

[22] هەژار..، دیوانی..، پێشەکی،ل23.

[23] بدلیسی..، شەرەفنامە..، ل312-317.

[24] ئامێدی..، هۆزانڤانێت..،ل161-162.

[25] سەرچاوەی پێشوو،ل129.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## شیعر لە کن مەلای جزیری:

سەرنجدان لە شیعری "مەلای جزیری" ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە مەلا لە فۆرمدا و لەو جۆرانەی، کە بەکاری بردوون، سوودێکی زۆری لە شیعری ڕۆژهەلاتیی وەرگرتووە و بە تایبەت فارسی و عەرەبی. لە ناوەڕۆکیشدا، شیعرەکانی جزیری، سۆفیزم و شیعری کۆمەلایەتین. مەلا، وەک زۆرینەی زانایانی ئەو سەردەمەی کورد، سۆفی بووە و لە ئەڤینداریەتی، خۆشەویستە ڕاستینەکەیدا تواوەتەوە و شیعری ئەڤینداریی، لە عیشقی ڕاستەقینەدا گوتووە و لە بابەتەکانی تری زانستدا، دەستێکی بالای هەبووە. "جزیری"، وەک سۆفییەک جەزبەیەکی یەزدانی گرتوویەتی و بۆن و ئاوازێکی سۆفییانە، دلی هەژاندووە و مەستی شەرابی ئەڤینی ڕاستی بووە، تا گەیشتووەتە عیشق و خۆشەویستیی یەزدان و تێیدا نوقم بووە. هەلبەستەکانی، لە ڕوالەتدا مەستی و دلدارین و لە ناوەڕۆکیشدا، گەیشتن بە پایەبەرزەکانی خۆشەویستی شای زانایانە، کە ئەویش یەزدانە[26]. "عەلائەددین سەجادی"، وەسفێکی نایابی "جزیری" دەکات و لە خاکی بۆتان و لە زەریای تەسەووفیشدا، بە پەیامبەری سەردەفتەری شیعری تەڕی ئەڤینی دادەنێت. لە نێو کوردانیشدا، بە دلزیندووی بیندرێژ و پەلهاوێژ، دەیداتە ناسین. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، کە بیری "جزیری"، ئاوێنەیەکی بێگەردە، بۆ سۆفییانی خوداپەرست و گەشتیشی شاوێنەیەکی سەرهەردە بۆ فەیلەسووفانی ڕاستیپەرست[27]. بە ڕای سەجادی، وەنەبێ جزیری، هەر مەینۆشی بادەی ئەڤین، یا سەرخۆشی کۆڕی تەسەووف بووبێت و هیچی دی، بەلکە لە یەزدانناسی و فەلسەفەشدا، چووەتە نێوجەرگەی کۆڕی فەیلەسووفەکانی یۆنانەوە و لەولاشەوە چووەتە ئەو کۆنگرەیەوە، کە زانایانی ئیسلام و نائیسلام، تێیدا کۆبوونەتەوە و هەموو باس و خواسێکیان، هەر یەزدان و فەلسەفەی یەزدانییەت بووە[28]. "قەناتێ کوردۆ"، لە "تاریخا ئەدەبیاتا کوردی"یەکەیدا، کە سەرچاوەی ڕایەکانی لەمەڕ جزیری، بۆچوونەکانی "وەزیری نادری"یە و ئەو دەیلێتەوە، وا پێشان دەدات، کە "مەلای جزیری"، ئێزدی بووە و لە هۆزی حەسەنی ئێزدییانە و بە چێژ و کەیف و سەفای خۆیدا، هەلیداوە و ستراوە و بۆ ڕەنگ و ڕووی سروشت و ئەڤین و شەراب، نووسیویەتی و دواییش، کە حەزی لە کچی"میر عیمادەددین" کردووە —مەبەستیش "میر عیمادەددین کوڕی ئەکسان قەرە"یە، لە عەشیرەتی بۆتان- شیعری دلداری گوتووە و ئەڤینی خۆی و کچی میری، لە شیعردا باس کردووە و کە میریش بەو کەینوبەینەی زانیوە، ویستوویەتی کچەکەی بدات بە مەلا، وەلێ مەلا نەیویستووە، کەنیشکە ئیسلامێک ببێتە هاوسەری[29]. جارێ پێشەکەی، میر عیمادەددین، لە ئارادا نەبووە و مەلاش لە سەردەمی ئەودا نەبووە و بەلکە لە ڕۆژگاری میرشەرەفدا بووە، کەوابێت مەلا و میرعیمادەددینێک، کە نەدیدە و نەناسی یەکدی بوون و باوکیشیان پێکەوە، لە مزگەوتێکدا نوێژیان نەکردووە و یەکدییان ناس نەکردووە، چۆن و کەی و لەکوێ، مەلا حەزی لە کچی ئەو کردووە؟ ئەمە دیوێکی باسەکە و لە ئالییەکی دیکەیشەوە، بە خوێندنەوەی شیعری مەلادا، زۆر چاک و ڕاست و ڕەوان، وەدەردەکەوێت، کە مەلا ئیسلامێکی تەواو ئیسلام و بێ پێچ و پەنا بووە و زۆرینەی شیعرەکانیشی، تژین لە ئایەت و وشەی قورئان و ناوی خودا و پەیامبەران، جا کابرایەکی ئێزدی باوەڕ، بۆچی دەبێ لە بیروباوەڕی فەلسەفەی ئیسلامیدا خۆی بتوێنێتەوە؟ ڕاستە خەلکێکی زۆری کورد، لە پێشدا ئێزدی بوونە، لێ جزیری بە خۆی وەک ئایین و باوەڕ، ئێزدی نەبووە. ڕەنگە

---

[26] الزڤنگی..، العقد..، الجز ‘الا‘ول، المقدمة، ص:ل-س.

[27] سەجادی..، مێژووی..، ل155.

[28] سەرچاوەی پێشوو،ل176-177.

[29] Kurdo..,Tarixa..,L: 90-91.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

باوباپیرانی، له کاتیخۆیدا، ئێزدی بووبن. "سادیق بەهائوددین"یش، لەو باوەڕەدایه، که جزیری مرۆڤێکی سۆفی و لەخواترس بووه و بۆ گەیشتن به ئامانجەکانی خۆی، که نێزیکبوونەوەی یەزدانه، ڕێباز و تەریقەتی نەقشبەندیی له تەسەووفدا گرتووەته بەر[30]. "مەلای زفنگی"یش، باسی ئەوەی کردووه، که جزیری له سەر تەریقەتی نەقشبەندی بووه[31]. جزیری، خوداناسێکی ڕاست بووه و له خواپەرستیدا، هێنده قووڵ بووەتەوه، که باوەڕی به توانەوه له نێو بوونی خودادا، هەبووه و گەیشتووەته پلەی یەکبوون لەگەڵ خودادا و هیچ شتێکی دیکەی بێجگه له خودا، له کن وی نرخی نەبووه و له گشت شتێکدا خودای وەدی کردووه. بەو پێیه مرۆڤ دەگاته ئەو ئەنجامەی ، که جزیری باوەڕی به یەکیەتیی بوون "وحدة الوجود" هەبووه، که دەکاته ئەوەی هەموو بوون یەک شته و هەموو شتێکیش بەشێکی خودای تێدایه و بوون و خودایش یەک یەکەن. ئەو دەبێژێ:

مینەت ژ خودایێ کو ب عەبدێ خۆ مەلایێ ئیکسیرێ غەمی عیشق نه دینار و درەم دا

ئەوانەی له تەسەووف دوواون و قووڵبوونەوه، باوەڕیان وایه، که هەموو خۆشەویستییەک له کن سۆفی، خۆشویستنی خودایه و خەریککردنی دڵه، به ئەڤینی ڕاستەقینەوه. مەلا بەو زمانه کوردییه پاراو و ناسکەی، که شیعری دڵداریی تەڕ و بەجۆش و پڕهەستی ناسکی پێ گوتووه، تەنانەت ئەگەر دڵیشی بەو کیژه کورده "سەلما" ناوەیش دابێت، که چەنده شۆخ و شەنگ و ناسک و نازدار و لەبار بووبێت و خودا هەرچی جوانی و ڕندی هەیه، بەوی دابێت، مەلا له نێو چاوانی ئەو کیژەدا، خودای وەدی کردووه و ئەڤینەکەیشی هەر بۆ خودا بووه و بەو کیژەشدا هەڵیداوه، چونکه هەموو توانست و شاکرد و جوانیی خودا هەیه، له ڕووی ئەو شۆخه دنیاییەیدا دیوه و لەو ئەڤینه مەجازییەوه بەرەو ئەڤینه مەزن و ڕاستینەکه چووه[32]. جزیری به مەیی خۆشەویستی یەزدان مەست بووه[33]. له عیرفاندا، مەلای جامی و مەولانای ڕۆمی بەڵخیشی پێ ڕاناگەن[34]. دەنێو خەڵکی ئەدەب و ڕەوشتدا، تەنێ سۆفییەکان مۆسیقایان به مەسەلەیەکی ڕەوشتیی زانیوه و له ڕوانگەی فەلسەفەییەوه بۆی چوون و هەستیان، به پێویستیی چڕینی شیعر، به گۆرانی و له هەموو جێگەیەکدا کردووه و لایان پەسەند بووه. مەلای جزیریش گۆرانی و مۆسیقای، به مەسەلەیەکی دژ به ئایین نەزانیوه. مۆسیقا، له کن جزیری دەربڕینێکی سیمبۆڵییه، له عیشقی یەزدانیی و وەرگێڕانی ئەڤینه، له توانستێکی دەروونی و ڕۆحیی شاراوه، بۆ چەند سیمبۆڵێکی دەروونیی ئاشکراکراو، که هەست و هزره شاراوەکانی دەروونی دڵداری، پێێ دەردەبڕدرێت. ئاواز، پەرده له سەر هەموو نهێنییەکان، لا دەدات و له شێوەی دەربڕیندا خۆی دەنوێنێت. جزیری، مۆسیقا و ئاوازی به جۆش و خرۆشی، به ئاوازێکی خاوێنی دەروونی و به ڕزگاربوونی، له پیسی و ناپوختەیی، ژیانی هەستپێکراوی ماددی داناوه. بێهوودەیی، نک جزیری پێوەندی به مۆسیقاوه هەیه. ڕۆژی بێهووده ئەو ڕۆژەیه، نه ئاواز و نه مۆسیقای تێدایه. مەبەستیشی لەوه ئەوەیه، که ئەو ڕۆژەی یادکردنەوه(زیکر، به عەرەبی: ذكر) و ویردی خودای تێدا نەبێت، ڕۆژێکی ڕاستەقینه نییه و به فیڕۆ دەڕوات[35]. جزیری گەلێک جار، باسی شمشاڵ و ساز و ئاوازی کردووه و وشەی زۆریشی بەکار بردووه، که پێوەندیان به دەنگەوه هەن، وەک دەنگی

---

[30] ئامێدی..، هۆزانڤانێت..، ل104.

[31] الزفنگی..، العقد..،المقدمة، ص:ج.

[32] هەژار..،دیوانی..، پێشەکی، ل 11-12.

[33] ئامێدی..، هۆزانڤانێت..، ل131.

[34] هەژار..،دیوانی..، پێشەکی، ل 11.

[35] سندي..، الموسيقي..،ص116-121.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

مەل و برووسکە و زەنگ، کە هەموو ئەو زایەڵە و دەنگدانەوەیە دروست دەکەن، کە دەگەڵ دەنگی هەتاهەتایی و بێکۆتاییدا —کە ئەویش یەزدان خۆیەتی- تێکەڵ دەبن. دەنگ، ئاواز، مەی، جوانی، بیرکردنەوە، هەست، هەموو ئەمانە، هۆن بۆ دەربڕینی خۆشەویستی بێکۆتایی و قووڵترین و مەزنترین خۆشەویستی، کە ئەویش خۆشەویستی و تێکەڵبوونی یەزدانە. جزیری، پیاوێکی هەڵکەوتوو و زانایەکەی مەزن و لێهاتوو بووە، لە سەردەمی خۆیدا، نەک تەنێ لە جزیرا بۆتان، بەڵکە لە کوردستان و خۆرهەڵاتی نێوەڕاستیشدا. ئەو سەروەری زانا و ڕەوشەنبیرانی چەرخی خۆی  و پێش خۆی بووە و هەر لەبەر ئەوەشە، کە" ئەحمەدی خانی"ی نەمر، لە شاکارەکەیدا "مەم و زین"، پێش هەمووان لە شاعیراندا، نێوی جزیری هێناوە. جزیری بەوەی، کە هەڵبەستی بە زمانی کوردی نووسیوە، کارێکی یەکجار گرنگی کردووە، لە پاراستنی زمانی کوردیدا و هەر لەبەر ئەوەشە، زیاتر خۆشەویست بووە لە نێو کورددا، هەر بۆیەش بۆ خۆی گوتوویەتی:

گەر لوئلوئێ مەنسوور ژ نەزمێ تو دخوازی          وەر شیعرێ مەلێ بینە تە ب شیرازی چ حاجەت

نیازی جزیری، لەو شیعرەدا ئەوەیە، کە ئەگەر میللەتی کورد، هەڵبەستەکانی ئەو، بە زمانی شیرینی زگماکی خۆیان، کە ئەویش کوردییە، بخوێننەوە و ئاوازی بۆ دابنێن، چ جار پێویستیان، بە زمانی بیانی نییە. ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت، کە جزیری هیچ کاتێک خۆی لە شیرازی، ئیدی کام شیرازی بێت، سەعدی یا حافز، بە نزمتر، یا کەمتر نەزانیوە. شیعرەکانی جزیری، هێندە ڕێک و ڕەوان و بەتام و پڕواتان و لە کێش و سەنگ و هەموو لایەکییەوە تەواون و چ خوار و خێچییەکیان تێدا نییە و زمانیشی شیرین و پاراو و پاکە. شیعرەکانی جزیری، گەلێ جاران کراونەتە گۆرانی و بە ئاوازەوە گوتراون و لەبەرکراون، بە تایبەتی دەنێو دیوەخانان و مزگەوتاندا. جزیری، لە ڕیزی شاعیرانی خۆرهەڵاتی ناڤیندا بووە و ململانێیشی دەگەڵ واندا کردووە، بەڵکە لەوانیش، لە هەندێ لایەنەوە، باڵاتر بووە. جزیری، خودانی خوێندنگەیەکی تایبەتە لە ئەدەبی کوردیدا، لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا و باکووری کوردستاندا. جزیری کێش و قافییەی شیعرەکانی و نەخوازەڵلا هەڵبەستە ئەڤینداری و سۆفییەتییەکانی، زۆر جوان و پوختە هۆنیوەتەوە و ڕازاندووەتەوە، کە هەر لە خۆی دەوەشێتەوە. هەرچەندە چەند پرسێن عەرەبی و فارسی و جارجاریش تورکی، لە شیعرەکانیدا هەن، ئەوە کاریگەریی ئایینی ئیسلام و زمانی ئەو ئایینەیە، کە عەرەبییە، دەگەیەنێت لە سەر زمان و هەموو کارێکی ڕەوشەنبیری، کە لەو سەردەمەدا، تەنێ شیعر هەبووە. بێجگە لەوەش جزیری شارەزایی و پسپۆریی تەواوی لەو زمانە بیانییانەدا و بە تایبەت عەرەبی و فارسی هەبووە و گەلێک جاریش، بەو زمانانە و تێکەڵ بە کوردی، شیعری نووسیوە. گەلێ کەس لەو باوەڕەدان، کە کاریگەریی "حافزی شیرازی" و" جامی" و شیعری فارسی، بە تەواوی لە شیعری مەلای جزیریدا وەدیار دەکەوێت، بەڵام "سادیق بەهائوددین"، شیعری عەرەبی بە کارتێکەرێکی سەرەکی دادەنێت، لە هۆزانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، بە تایبەت وڵاتانی موسوڵمان،ی وەک فارس و تورک و عەرەب[36]. من بۆ خۆم لەو باوەڕەدام، کە شیعری عەرەبی بە تەنێ، ڕۆڵی کاریگەر و تاک و تەنیای لەو مەسەلەیەدا نەبینیوە، بەڵکە ئایینی ئیسلام کارێکی وای کردووە، کە زمان و ئەدەبی نەتەوەگەلی هاوئایین، کار بکەنە سەر یەکتر. بێگومان کوردیش وەک گەلێکی ژێردەستەی فارس و تورک، لەو سەردەمەدا، زۆر کاریگەریی ئەوانی کەوتووەتە سەر، بە تایبەت کاریگەریی فارس، چونکە فارسی وەک زمان، لە کوردییەوە گەلێک نێزیکە و وەک ئەدەبیش پایە و جێگەی بەرزی هەبووە و لە مزگەوتەکانی کوردستانیشدا، تەنانەت تا ئەم دواییەش، سەعدی و حافز و جامی و زۆری دیکەش دەخوێنران. هەرچی زمانی عەرەبیشە، بێگومان ئەویش

[36] ئامێدی..، هۆزانڤانێت..، ل138-151.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

زمانی ئایینی ئیسلام بووە و هەر بە پیرۆزیش دانراوە و فەقێیان، بە چاکی خوێندوویانە و جاری وایش هەبووە، لە عەرەب چاکتر، عەرەبییان زانیوە. "مەلای جزیری"ش، وەک کوردێک، بێگومان کەوتووەتە ژێر کاریگەریی، زمانانی فارسی و عەرەبی و تەنانەت تورکییش، بەڵام وەنەبێ ئەو، بەو کارتێکردنە قایل بووبێت و ئاڵای سپی هەڵکردبێت و خۆی دابێت بە دەستەوە، بەڵکە بە پێچەوانەوە "بەرزی و مەزنی جزیری لەوەدایە، کە ڕۆڵی زمانی عەرەبی لە کاتێکدا گەیشتۆتە چڵەپۆپە، مەلا لەو کاتەدا، لەو ڕێچکەیە لایداوە و عەرەبی بە کوردی ڕازاندۆتەوە و مەشخەڵانێکی هەڵگیرساندووە، بۆ ئەوەی ئودەبای عەرەب، زەنگیانەی لەبەر بهۆننەوە و بۆ ئەوە ئودەبای کورد شوێن ڕچەکەی مەلایان بۆ ببێ بە شارێگە و لە عالەمی بێگانەدا مەلایان بۆ ببێت بەو سیمرخە، کە ئاوی ژیانی ئەدەبیان لە پشت کێوی قافەوە بۆ دێنێت. کەوابوو مێژووی ئەدەبی کوردی بە درێژایی زەمان کڕنوش بۆ ئەو تاپۆیە ئەبا کە هەیکەلی زێڕینی مەلایە و پێغەمبەری سەدەی یازدەهەمیەتی"[37]. مەلای جزیری، هەموو بابەتەکانی شیعری عەرەبی لا وەدی دەکرێت، قەسیدە، غەزەل، ڕوباعییات(چوارین)، تەخمیس(پێنج خشتەکی)، تەلمیع، موستەزاد و فەرد بێجگە لەوەش لە بەلاغەی عەرەبیدا ئوستاد بووە و بەدیع و بەیان و مەعانی و جیناس و تەلمیح و تەشبیە و ئیستیعارە و مەجاز و کینایە و ئەتناب و ئیجازی، خڕ بەکار بردووە[38]. عورووز و بحوری شیعری عەرەبی، زۆر ئوستادانە و شارازایانە، بەکار بردووە و هەموو هۆزانەکانی لە سەر ئەوانە داناوە و گەلێ جاریش بەحری درێژی بۆ داڕشتنی شیعر کردووە بە بناخە و گومان لەوەدا نامێنێت، کە وەک زانستێک، عرووزی زانیوە. شاعیرانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین، تا چەند ساڵێک لەمەوبەریش، لە سەر ئەو شێوە عەرەبییەی شیعردانان، دەڕۆیشتن و لە کوردییشدا، تا پەیدابوونی "گۆران"، پێڕۆی ئەو شێوەیە دەکرا و ئەو خوێندنگەیەش، کە خانی و نالی و حاجی قادری کۆییش شاگردی بوون و جزیری دەستی پێ کرد، کلاسیزمی ئەدەبی کوردی دەگرێتەوە[39]. بەرهەمی جزیری، کە شیعرەکانیەتی، یەکەم بەرهەمی ئەدەبیی نووسراوە لە ئەدەبی کوردیدا[40]. هەر بۆیەش مەلای جزیری، بە دەسپێکی شیعری کلاسیکی کوردی دادەنرێت و هەرچەندە "باباتاهیری هەمەدانی"یش پێش جزیری چوارین(رباعیات)ی هەبووە و بە کوردیش بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی، لە ڕووی پێڕەوکردنی عورووزەوە ناتەواو بووە و بەڵکە هەر نەشبووە، ئەو بە سەرەتا دانانرێت. بێجگە لەوەش، نە "عەلی تەرموکی" و نە "عەلی حەریری"یش، ناتوانن سەرەتا بن و ململانێیان پێ ناکرێت، لەگەڵ جزیریدا. گەلێک لە شاعیرانی کوردی پاش جزیری، ویستوویانە لاسایی ئەو بکەنەوە و لە سەر ڕێچکەی وی برۆن، یا هەوڵیانداوە شتێک بڵێن لە شیعری ئەوەوە نێزیک بێت و لێی بچێت، لەوانەش: شێخ نوورەددین برێفکانی، ئەحمەد ناڵبەند، ئەنوەر مائی، جگەرخوین، عەبدوڕڕەحمان مزووری، بەدرخان سندی و مەسعوود مستەفا ئامێدی[41]. مەلای جزیری ڕێبەر و پێشڕەو و پێشەنگ و ئوستادی شیعری کلاسیکی کوردییە و نموونەیەکی نایاب و بێهاوتا و هێژا و پڕبەها بووە، بۆ شاعیرانی کورد بە گشتی وکرمانجی زار بە تایبەتی.

## دیوانی مەلای جزیری

---

[37] سەجادی..، مێژووی..، ل171.

[38] سەرچاوەی پێشوو.

[39] ئامێدی..، هۆزانڤانێت..، ل93.

[40] سندي..، الموسيقي..،ص116.

[41] ئامێدی..، هۆزانڤانێت..، ل138-158.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

یەکێک لەو کتێبە بەنرخانەی، کە دەشێت کورد هەموو گاڤەک شانازی پێوە بکات، دیوانی مەلای جزیری نەمرە. لە بتەوی و بەهێزی و بەهادا، کە هونەرێکە لەو گۆڕە، ئەگەر لەگەڵ شاعیرانی دەوروبەردا بەراورد بکرێت، دەکرێت دیوانی جزیری، لە ڕیزی "حافزی شیرازی" و "جامی" فارس و" ئیبنولفاریز"ی عەرەب و "فزوولی" تورکدا دابنرێت[42]. دیارە هەر لەبەر ئەوەش، جزیری یەکێک بووە لەو شاعیرانەی، کە خۆشبەخت بووە، چونکە زۆری لە سەر نووسراوە و کۆڵراوەتەوە، بە بەراورد لەگەڵ شاعیرانی دیکەی کورددا. دیوانی جزیری، چەند جارێک و لە شوێن و جێگەی جیاجیا و بەم شێوەیەی خوارەوە چاپکراوەتەوە:

1. لە ساڵی 1904ی.ز لە بەرلین، لە لایەن ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانییەوە "فۆن مارتن هارتمان"، بە لینۆگراف چاپکراوە و بە زمانی ئەڵمانی سەرەتای بۆ دانراوە.
2. لە ساڵی 1338ی.ک/1919ی.ز لە ئیستەنبوول، لە لایەن "موحەممەد شەفیق ئارواسی حوسەینی"یەوە چاپکراوە.
3. لە ساڵی 1958، لە لایەن "مەلا ئەحمەدی مەلا موحەممەدی بۆتی زڤنگی"یەوە، لە قامیشلووی کوردستانی سووریا، لەگەڵ پێشەکییەک و شەرح و لێکۆڵینەوەی شیعرەکانی بە عەرەبی چاپکراوە.
4. لە ساڵی 1964دا، لە لایەن گیوی موکریانییەوە، لە هەولێر چاپکراوە.
5. لە ساڵی 1977دا، لە لایەن سادیق بەهائوددین ئامێدییەوە، لە بەغدا، لەگەڵ توێژاندندا چاپکراوە.
6. لە ساڵی 1982دا، لە لایەن هەژاری موکریانییەوە، لەگەڵ پێشەکی و شیکردنەوەی شیعرەکانیدا، لە تاران چاپکراوە.

بێجگە لەوانەش، لە گۆڤاری هاواردا، لە ژمارە 35-58ی ساڵی 1941-1943دا، شیعرەکانی جزیری لە لایەن جەلادەت بەدرخانەوە، نووسراونەتەوە.

لەو دەسنووس و دەسخەتانەی دیوانەکەش، کە لە لای خەڵکی ماونەوە ئەمانەن:

1. موحەممەد عەلی عەونی، دەسنووسێکی لە چاپی بەرلینی هارتمان وەرگرتووە و لە کتێبخانەی "دار الكتب المصرية" دا یە لە قاهیرە.
2. دەسنووسێکی دیکەی دیوانەکە، کە لە لایەن "عەبدوسسەلام کوڕی موراد کوڕی عەبدوسسەلام"، لە ساڵی 1322ی کۆچیدا، لە شاری جزیرە نووسراوەتەوە، کەوتووەتە لای موحەممەد عەلی عەونی.
3. دەسنووسێکی "عەبدولقادر عەلی ئامێدی"، کە لە ساڵی 1338ی کۆچیدا لە ئامێدی نووسراوەتەوە، کەوتووەتە لای عەلائوددین سەجادی.
4. دەسنووسێکی "تاها ئەبووبەکر مەلا عەلی ئارواسی"، کە لە ساڵی 1355ی کۆچیدا لە شاری زاخۆ نووسیویەتییەوە، کەوتووەتە لای سادیق بەهائوددین.
5. دەسنووسێکی "مەسعوود مەلا سەعیدی دهۆکی"، کە ساڵی 1970 لە سەر دەسنووسێک نووسیویەتییەوە، کە ساڵی 1421ی. ک نووسراوە و کابراش، کە نووسیویەتی نێوی خۆی نەنووسیوە.

---

[42] الزڤنگی..، العقد..، الجز ٔالا ٔول، المقدمة، ص:ج.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# لەو سەرچاوانەی دیکەش، کە لە سەر مەلای جزیری هەیە: ڕۆژنامەی جیهاد، کە دەنگی بزووتنەوەی ئیسلامی عیراقە بە کوردی لە تاران دەردەچێت، ژمارە 21، ساڵی سێهەم، 27ی گەلاوێژی 1983.

پاییزی 1984



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com